www.kurdistannet.org
30-1-2007 22:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا لە نێوان 10000ی هۆم ئۆفیس و 8000ی فیدراسیۆن و 100000ی شاناز خان دا؟!!! ... هیوا بەکر/ وەرگێڕ لە ڕیفیوجی ئەکشن و ڕیفیوجی کەنسڵ/کۆمەڵەی کوردی لیدس




وەك لە هەواڵەکاندا بڵاوکراوەتەوە لە مانگی 11 ی ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا (هۆم ئۆفیس) کۆبونەوەیەکی لەگەڵ زۆربەی زۆری کۆمەڵە کوردیەکانی بەریتانیا کردوو و تیایدا بە دوور و درێژی باس لە ڕەوشی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا کرا و بە ناوی هەموو ڕێکخراوە ئامادەبوەکانی کۆبونەوەکە یاداشتێك پێشکەش بە نوێنەری وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا (هۆم ئۆفیس) کرا کە تیایدا چەند داواکاریەک پێشنیار کرابوون لەوانە ڕاگرتنی دەسگیرکردنی کوردان لە بەریتانیا و ئەوەبوو لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا نوێنەرانی وەزارەت بەڵێنی وەڵام دانەوەیان دا و لە دواییدا وەڵامەکەیان بە دەست گیرکردنی چەند ژمارەیەکی تری ئەو پەنابەرانە دەست پێکردەوە و هەروەك چەند نامە و زانیاریەکیشیان لەو بارەیەوە بۆ هەموو بەشداربووانی ئەو کۆبونەوەیە نارد کە ئێمەش کۆپییەکیمان بەدەست گەیشتووە و لە نامەکەدا لەگەڵ کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی ڕەوشی پەنابەرانی کورد لە بەریتانیا چەندین زانیاری و هەواڵی جۆرا و جۆری تر دەربارەی ئەو ڕەوشەیان ڕوون کردۆتەوە.
ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە لەم بابەتەدا ژمارەی ئەو پەنابەرە کوردە ئێراقیانەیە کە لە بەریتانیان و داوای پەنابەریەکانیان ڕەت کراوەتەوە کە هەریەکە و بە هەوەسی خۆی ژمارەیەك دەڵێت و ئەویش وەك چارەنووسی خودی پەنابەرەکان بە نادیاری و وەك مەتەڵێك وایە کەس نییە وەڵامی ڕاستی لا بێت:
ژمارەی ئەو پەنابەرانە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە نامەکەی وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفیس) دا هاتووە (10000) ە و بە پێی زانیاریەکانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئێراقی لە بەریتانیا (6000-8000) ە بە لای بەڕێز شاناز برایم ئەحمەدیشەوە (100000) ن.
ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لەم بارەیەوە ناشارەزایی و بێ ئاگابوونی ئەو پەنابەرانەیە لە کۆمەڵێك ڕاستی و بەرپرسیارێتی یاسایی کە لەگەڵ ئەوەی زۆرجار پێیان وتراوە وە یان ئاگادارکراونەتەوە لەوبارەیەوە بەڵام هێشتا زۆرێك لەو کوردانە بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخی ژیانیان و نەبونی هاریکاری پێویست و کەمتەرخەمی دەزگا بەرپرسەکانەوە ئەو زانیاریانە نازانن و هەربۆیەشە لە کاتی گرتنیاندا مافیان ناپارێزرێت و بەڵکو لە هەندێك حاڵەتدا پێشێلیش دەکرێت.
بە ڕاستی ئێمە هەمیشە بەتەنگ ئەوەوە بووین کە ناردنەوەی بەزۆر ڕابگیرێت و وەزارەت ڕێگە چارەی تر بۆ ئەو خەڵکە بدۆزێتەوە بەڵام بەداخەوە ڕەنگە هۆکارەکە تەنها ئەوە نەبێت کە بەریتانیا سورە لەسەر پیادە کردنی ئەو سیاسەتە توندەی بەڵکو ئێمە پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە کوردەکەی خۆشمان کەم و کوڕی زۆرە، لەوانە:
- لەگەڵ ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند لایەنێك لە پێش هەموویانەوە فیدراسیۆنی پەنابەرانی ئێراقی چەند خۆپیشاندانێکیان بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخستووە و لەو پێناوەدا هەوڵ دەدەن کەچی بەداخەوە کە دێتە سەر کار و پلان و بەرنامە ئەوانەی کە مەبەستن واتە، تەرد و ڕەفزەکان، خۆیان دەدزنەوە و لەبەر پارەی کاری ڕۆژێکیان ئامادە نین بەرگری لە کێشە ڕەواکەیان بکەن، کە ئەمە بەداخەوە یەکێکە لە خاڵە بێ هێزەکانی ئەم جۆرە چالاکیانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

- ڕەنگە هەموومان لەسەر ئەوە کۆك بین کە کوردەکانی بەریتانیا زۆرێکیان نەخوێندەوارن و شارەزاییان لە سیستەم و بەرنامەی ئەم وڵاتە نییە و ژمارەیەکی زۆر لەوان لەبەر بێ ئاگایی لە کەیسی پەنابەریەکەی و ئامادە نەبوونی لەکاتی پێویست دا بۆ بەدواداچوونی خودی کەیسەکەی و بەدەنگەوە نەهاتنی نامەی پارێزەرەکەیی و زۆر شتی یاسایی تر، خۆی بۆتە هۆکارێك بۆ ڕەت کردنەوەی کەیسی پەنابەریەکەیی و ڕەنگە ئێستا زۆر زەحمەت بێت هۆم ئۆفیس دووبارە فرسەتێکی تری بداتەوە.

- ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبینەوە و زۆر بە ووردی ئاگاداری ڕەوشەکەین، وە نەبێت من بەرگری لەکەس بکەم بەڵام ئەگەر ڕاستی بڵێین ئەوە زۆر ڕوونە کە ئەو کوردانە گوێ بە هیچ نادەن و بەدوای کێشەکەی خۆیان ناکەون، بە داخەوە زۆرێکیان تەنها ئەوەندەیان بەلاوە گرنگە کە کارەکەیان بکەن و پارە و خاوونویان هەبێت و جگە لەوە هیچ تێگەیشتنێکیان بۆ مەسەلەی پەنابەری نییە و ناشیانەوێت. دەزانم ئەو کوردەی ئێمە بۆتە قوربانی سیستەمی سەرمایەداری ئەم وڵاتە بەڵام خۆ ئەوە ڕێ لەوان ناگرێت کە چەندە گرنگی دەدەن بەئیشی ڕەش و پارە پەیداکردن ئەوەندەش گرنگی بدەن بە هەوڵ و ماندووبونی کەسانی تر.

کە تۆ دەبیینیت کوردێك لەگەڵ ئەوەی خانوی سێکشن چواری هەیە و بە ڕەش ئیش دەکات کەچی دێت لە Refugee Council شەڕ بۆ خانویەکی تر دەکات و جنێو بە ستافی Refugee Council دەدات نازانم دەبێت چی چاوەڕێ کەین لە حکومەتێك بەرامبەر کەسی بەو شێوەیە.

لێرەدا و بەتایبەتی لەم کاتەدا زۆر بە پێویستی دەزانین کە ئەم زانیاریانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە بە هیوای ئەوەی کە پەنابەرانی کورد باشتر ئاگاداری کەیسی پەنابەریەکانیان بن و لەکاتی پێویستدا مافە یاساییەکانیان بزانن:

1. ئەو کەسانەی کە دەگیرێن پێویستە بزانن کە ئەوان بۆیان هەیە داوای پارێزەر بکەن بەر لە ئیمزاکردنی هەر بەڵگەنامەیەك تەنانەت ئەگەر پۆلیسیش داوایان لێ بکات. (هەروەك بە هەمان شێوە مافی داواکردنی وەرگێڕیان هەیە کە بەو زاراوەیە قسە بکات کە پەنابەرەکە لێی تێ دەگات) .
2. ئەو کەسەی کە دەگیرێت دەتوانێت لە ڕێگەی پارێزەرەکەیەوە داوای ئازادبونی بەکەفالەت بکات.
3. ئەو کەسەی کە دەگیرێت دەتوانێت داوای تازەکردنەوەی کەیسی پەنابەریەکەی بکات واتە (Fresh Claim) بکات.
4. ئەو کەسەی کە ئیمزای گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بۆ وڵاتی خۆی دەکات دەبێت بزانێت نیازی چییە و بۆچی ئەو فۆرمە ئیمزا دەکات، ئەو کەسانەی کە بە نیازی وەرگرتنەوەی پارە و خانوو ئەو فۆرمە ئیمزا دەکەن، دەبێت لە پێش هەموو شتێك نامەی ئاشکراکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بخوێننەوە و لێی تێ بگەن و پاشان ئەو ئیمزایە بکەن ئەگەر سەیرێکی ئەو نامەیە بکەی زۆر بە ڕوونی و بە ئاشکرایی و بە کوردییەکی پەتی دەڵێت:" کە من بە ئیمزاکردنی فۆرمی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە داوای پەنابەریەکەم لە بەریتانیا دەکێشمەوە" ئەگەر کەسێك بەڵگە نامەیەکی ئاوا ئیمزا بکات باوەڕناکەم بەبێ هیچ بەرپرسیاریەتیەکی یاسایی ڕزگاری ببێت. . . . . .
5. ئێستا لە حاڵی حازردا بەریتانیا بڕیاری بڕگەی چوار (Section 4) ی بۆ ئەو پەنابەرانە دەرکردووە کە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

داوای پەنابەریەکانیان ڕەت کراوەتەوە (ڕەفز کراوە) لەو وڵاتەدا و بەپێی ئەو بڕیارەش هەر داواکارێکی پەنابەری کە داواکەی ڕەت کراوەتەوە دەتوانێت بە پشت بەستن بە یەکێك لەم مەرجانەی خوارەوە پارە و خانوی بڕگەی چوار/ سێکشن فۆر وەربگرێتەوە:

- ئەگەر داواکاری پەنابەری ئیمزای گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بۆ وڵاتی خۆی بکات واتە فۆرمی گەڕانەوە پڕبکاتەوە. (لە ڕاستیدا ئەمە وەك تەڵەیەك وایە چونکە کە تۆ ئیمزا لەسەر ئەو فۆرمی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەیە دەکەیت، لە فۆرمەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە وەرگرتنەوەی خانو و پارە نادات و بەڵکو بەڕوونی دەڵێت کە تۆ لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆت دەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت و داوای پەنابەریەکەشت دەکێشیتەوە لە بەریتانیا ) .

- ئەگەر نەخۆشیەکی زۆر گرانت هەبێت و نەتوانیت سواری فڕۆکە بیت و گەشتی ئاسمانی بکەیت. (بۆ ئەمەشیان دەبێت بچیتە لای دکتۆری تایبەت و بەڵگەنامەی دکتۆرت پێبێت بۆ نەخۆشیەکەت) .

- ئەگەر داوای پەنابەریەکەت هێشتا بەبەریەوە مابێت و کۆتایی بە کەیسەکەت نەهاتبێت لە وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیس واتە هێشتا ئەپیڵت مابێت (لەم بارەشدا زۆر هەڵەیە ئەگەر ئیمزای گەڕانەوە بکەیت، بەداخەوە لەبەر ناشارەزایی و بێ ئاگایی زۆر لە کوردان گوێ نادەنە ئەو ڕاستیە و دەکەونە بەر تەڵەی ئیمزاکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە کە لە ڕاستیدا نابێت ئەوە بکەن و لەجیاتی ئەوە دەبێت پەیوەندی بە پارێزەرێك وە یان ڕاستەوخۆ بە وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیسەوە بکەن) .

- ئەگەر تۆ بەڵگەنامەی تازەت لەسەر کەیسی پەنابەریەکەت هەبێت و پێشەکشی وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیسی بکەیت (لەم حاڵەتەشدا تۆ دەبێت یان لە ڕێگەی پارێزەرەوە وە یان ڕاستەوخۆ ئەو بەڵگانە بدەیتە وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیس) .

- ئەگەر داواکاری پەنابەری کە داوای پەنابەریەکەی ڕەت کراوەتەوە بتوانێت بچێتە لای پارێزەر و لەسەر بنەمای یاساکانی مافی مرۆڤی ئەوروپی (بڕگەکانی 3و5و8 و هەر بڕگەیەکی تر کە پارێزەرەکە بە گونجاوی دەزانێت) داوای دابین کردنی مافە سەرەتاییەکانی ژیانی بکات لەو وڵاتە. (دیارە دەسەڵاتی بڕیاردانیش دەکەوێتە سەر پارێزەری شارەزا و بڕیاری کۆتایی وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیس لەسەر هەر کەیسێکی پەنابەری بەجودا) .

لە سەرەتای ساڵی تازەشەوە بڕگەیەکی تایبەت بە کەیسی باشور و ناوەڕاستی ئێراق دەرچووە بۆ ئەو پەنابەرە ئێراقیانەی کە لە دەرەوەی ناوچەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتون واتە بە تایبەتی کوردی ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و موسڵ کە بەپێی ئەو بڕگەیە هەر پەنابەرێك لەو ناوچانەوە هاتبێتە ناو بەریتانیا و داوای پەنابەریەکەی ڕەت کرابێتەوە دەتوانێت پارە و خانوی بڕگەی چوار/سێکشن فۆر وەربگرێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە حاڵی حازردا ڕێگەی گەڕانەوەی سەلامەت بۆ ئەو ناوچانە نییە و هەر کاتێکیش ئێراق سەلامەت بوو ئەوان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. (بۆ ئەمەشیان باشتر وایە پێش ئەوەی هیچ شتێك بکەیت لە ڕێگەی پارێزەرەوە کەیسی پەنابەریەکەی خۆت بە تەواوی یەك لا بکەیتەوە و بۆت ڕوون ببێتەوە کە ئایا هێشتا کەیسی پەنابەریەکەت بە بەریەوە ماوە یان نا؟! بۆ نمونە بزانیت کەیسەکەت مەرجەکانی کەیسی بەختیار ڕەشیدی تێدایە یان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نا – ئەمە لە حاڵەتی ئەو کوردانەی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمەوە هاتون و کەیسەکانیان ڕەت کراوەتەوە، ئەگەر لە هەر پارێزەرێك بپرسیت ئەو مەرجانەت بۆ ڕوون دەکاتەوە و بێ گومان لە زۆربەی دەزگاکانی پەنابەریش دەست دەکەوێت ڕیفیوجی کەنسڵ/ ڕیفیوجی ئەکشن) .

هەروەك لە حاڵەتی کەیسی کوردستانی دا پێویستە بزانیت کە ئاخۆ دوا بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیس لەوبارەیەوە چییە و کەیسی پەنابەریەکەت هیچ مەرجێکی تێدایە کە ئەو بڕیارانە بیگرێتەوە؟ (بۆ کەیسی ئەو پەنابەرانەی کە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆکەوە هاتونەتە بەریتانیا و کەیسەکانیان ڕەت کراوەتەوە وەزارەتی ناوخۆ بڕگەیەکی تایبەتی دەرکردووە و پێویستە بۆ ئەو مەبەستە بە هەمان شێوە یان لە ڕێگەی پارێزەر وە یان لە ڕێگەی دەزگا پەنابەریەکانەوە پرسیار بکەیت- لەڕاستیدا دەقی ئەو بڕگەیە بە کوردی لە ماڵپەڕی کوردستان نێت و چەند ماڵپەڕێکی ترەوە بڵاوکراوەتەوە) .

دوا زانیاریش کە پێویستە بوترێت، بڕی ئەو پارەیەیە کە وەزارەتی ناوخۆ/هۆم ئۆفیس تەرخانی دەکات بۆ ئەو پارێزەرانەی لە بواری کۆچ بەری و پەنابەریدا کاردەکەن، کە پێی دەوترێت (Legal Aid) واتە یارمەتی یاسایی. بەپێ ی ئەو پرۆسەیە پارێزەر تەنها لەکاتێکدا دەتوانێت ئەو پارەیە لە حکومەت وەربگرێت ئەگەر کەیسی پەنابەریەکەی کە کاری لەسەر دەکات بە ڕێژەی لە 50% گەرەنتی بردنەوەی تێدا هەبێت، بە واتایەکی تر پارێزەرەکە بۆی هەیە ئەو کەیسی پەنابەریە هەڵبسەنگێنێت و پاشان بڕیار بدات ئایا دەتوانێت یارمەتی یاسایی لە حکومەت وەربگرێت بۆ ئەو کەیسە یان نا؟! (لە زۆر حاڵەتدا پارێزەرەکە سوك دەزانێت کە ئەو کەیسی پەنابەریەی ئەو کاری لەسەر دەکات ئەو ڕێژەیەی تێدا نییە و ناتوانێت پارە ی بۆ وەربگرێت لە حکومەتەوە بەلام لەبەرچاوچنۆکی خۆی دەیکات بە منەت بەسەر پەنابەرەکەوە و پارە لە پەنابەرەکە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی بە داواکاری پەنابەریەکە بڵێت کە ئەو کەیسە کەیسێکی دۆڕاوە ئەگەر هەرچەند پارەشی بۆ بدەیت!) .

تێبینی/ هیوادارم ئێمەی کورد زانیاریەکی باشترمان هەبێت دەربارەی سیستەمی وڵاتێکی خاوەن دامەزراوە ئاڵۆزەکانی وەك بەریتانیا. ڕێکخراوەکانی پەنابەری وەك:

Refugee Council و Refugee Action و زۆرێکی تریش ئەوەندەی خەمی پارە پەیاکردنیانە لەسەر شانی ئەو پەنابەرە داماوانە ئەوەندە خەمی پەنابەرێکی بەش خوراوی کوردیان نییە کە هیچ لە سەرەتاکانی مافی خۆی نازانێت لەو وڵاتەدا. ئەو ڕێکخراوانە و زۆرێك لە هاوشێوەکانیان ساڵانێکە بە هۆی بازاڕی گەرمی پەنابەری و داواکردنی پەنابەری لە لایەن نەتەوە جیاوازەکانی ئەم سەرزەمینەوە لە شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا بە هەزاران بگرە بە ملیۆن پاوەنیان کۆکردۆتەوە و سڵ لە هەڵخەڵەتاندنی ئێمەی ساویلکە ناکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.